# کیژی ئاقلی پاشا

چیرۆک: فۆلکلۆر



هەبوو نەبوو، پاشایەک هەبوو..، کیژێکی هەبوو.. تا بڵێی جوان و زیرەک بوو..، ڕۆژێکیان.. پاشا، کە تیرهاوێژێکی دەستڕەنگین بوو.. بانگی کیژەی کرد و هێلکەیەکی لەسەر سەری دانا و تیرێکی هاویشتێ.. و هێلکەکەی بەرداوە، گوتی: ها کیژم ئەنگێوەیەکی باشم یان نا؟

کیژەی ئاقڵیش گوتی: بابە زۆر کەیفت بەخۆ نێ، مەسەلەکە ئەوەیە تۆ لە سەر ئەم کارە ڕاهاتوویت..؟ هونەر نیە..!

باوکی زۆر توڕەبوو.. و بەوەزیری گووت: «بیبە بیکوژە»..

وەزیر کیژەی ئاقڵی برد و لە دارستانێ بەریدا و گوتی بڕۆ..، گەڕایەوە بەپاشای گوت: گەورەم کوشتم!.

کیژەکە کە بەتەنیا لە دارستانێ مایەوە، تووشی شوانێک بوو .. شوانەکە لێی پرسی:



«کیژۆکە ئەچیە کوێ؟» کیژەکەش گوتی: تەنیا و بێکەسم، مام شوان .. ئەگەر بمەکەیتە کیژی خۆت لەگەڵت دێم..، شوانەکە چونکە منداڵی نەبوو .. یەکسەر ڕازی بوو کیژەکە بکاتە کچی خۆی و پێکەوە گەڕانەوە ماڵێ.

ڕۆژی دواتر، کیژەکە مرواریەکی لە پرچی کردەوە و دایە شوانەکە و گوتی:

«بابە، ئیتر مەچۆ بەر مەڕان، ئەم مرواریە بفرۆشە.. بەپارەکەی دەوڵەمەند ئەبیت و چیت ئەوێ پێی بکڕە».

شوانیش بردی و فرۆشتی، رۆژی دواتر، کچە و شوان چوونە گەڕان، لەبناری چیایەکدا شوێنێکی زۆر جوانیان دیت، کانیەک لەوێ هەڵئەقوڵاو هەمووی سەوزایی بوو، کیژەکە گوتی: «بڕۆ کن پاشای پێی بڵێ ئەم زەوییەت پێ بفرۆشێ».

شوان چوە کن پاشا و داوای پارچە زەوییەکەی لێکرد، پاشاش سەری لەم داوایەی شوان سوڕما.. گوتی ئەبێ شوان پارەی زەوی کڕینی لە کوێ بێت..؟ گوتی.. شوانۆ.. زەوییەکە بۆ خۆت و پارەشم لێت ناوێ!

شوان بەدڵخۆشییەوە گەڕایەوە لای کیژەکەی و مژدەی بەخشینی زەوییەکەی دایێ. کچەکە مرواریییەکی دیکەی دایە شوان و گوتی: بڕۆ بیفرۆشە بازرگانێک ..، و پێیبڵێ لە جیاتی پارە، کۆشکێکی چل نهۆمیم لەو جێگەیە بۆ دروست کە. شوان لەگەڵ بازرگانێک رێککەوت و لە ماوەیەکی کەمدا کۆشکێکی چل نهۆمیان بۆ دروستکرد.

کیژە بە شوانی گوت: بابە.. بڕۆ لە بازاڕ مانگایەکم بۆ بکڕە کە تازە زابێت و گوێلەکەیەکی نێری هەبێت، شوان چوە بازاڕ و مانگا و گوێلەکەی کڕی وهێنایینەوە. کیژەکەی بردە نهۆمی چلەم و هەموو رۆژێ سێجار لە ئامێزی ئەگرت و ئەیهێناوە خوارێ. مانگاکەی ئەدۆشی و گوێلک ئەیمژت و ئەیبردەوە سەرێ.

پێنج ساڵی تەواو ئەم کیژە گوێلکی ئەبردە سەر و ئەیهێناوە خوارێ. گوێلک گەورە ببوو. رۆژێ پاشا لەو دارستانە راوی ئەکرد.



کیژەکە بە شوانی گوت: «بڕۆ پاشای بۆ شەوێ دەعوەت کە».

شوان چوە کن پاشا و پێی گوت: «قوربان، گەورەم ئەمشەو میوانی من بە» پاشا قبوڵی کرد و ئێوارە چوە کۆشکی شوان. کیژەکە نانی سازکردوو و خۆی بۆ مانگا دۆشین و هێنانە خوارەوەی گوێلک چوە سەر و مانگای دۆشی و گوێلکی بردەوە سەرێ، پاشا کە ئەوەی دیت سەری سوڕما و دەستی لە خواردن هەڵگرت و بانگی کرد: «شوانۆ..! شتێکی سەیر ئەبینم وەک موجیزە وایە کا باسی کچەکەی خۆتم بۆ ناکەی؟»..

کیژەکە گوێ لێبوو هات بەپاشای گوت:





لە کتێبی «ئەفسانە کوردییەکان» نووسینی م.ب ڕۆدینکۆ
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریمی حیسامی وەرگێڕاوە

شتێکی سەیر نیە و موجیزە نیە، مەسەلەکە ئەوەیە من لە سەر ئەوکارە راهاتووم.. هونەر نیە..!».پاشاکە ئەم قسەیەی بیست، گریانی هات و قسەی کیژەکەی بیرهاتەوە کە کاتی خۆی وای پێ گوتبوو..
کیژە پرسی: پاشام خۆشبی..! بۆ ئەگرییێ؟
پاشاش بەچاوی بەفرمێسکەوە باسەکەی خۆی و کیژەکەی بۆگێڕایەوە و گوتی: «بێ تاوان کچەکەم کوشت».
کیژەکە گوتی: «باشە پاشا ئەوەی کچەکەتی کوشتووە زیندوە؟».پاشا گوتی: «بەڵێ زیندوە وەزیرەکەی خۆم بوو».
کچەکە گوتی: «با بێتە ئێرە».
وەزیر هات و پاشا لێی پرسی: «کا ئەو رۆژە تۆ کیژەکەی منت کوشت؟».
وەزیر گوتی: «ئەی گەورە وتاجی سەرم ئەمانم بدەیە تا راستی بڵێم».
پاشا گوتی: «ئەمانم دایێ .. قسە بکە..». وەزیر گوتی: «ئەو رۆژە کیژکەم نەکوشت!».
کچەکە گوتی: «گەورەم ئەگەر ئێستا کیژەکەت بێتە لات، سزای نادەی؟».
پاشا گوتی: «نەخێر.. چۆن کاری وا ئەکەم..».
کیژەکە چارشێوی لە سەر خۆی لاداو .. پاشا ناسیەوەو لە شادیدا خەنی بوو..
پاشا گوتی: «ئافەرین کیژەکەم .. هەقی تۆ بوو.. تۆ لە من ئاقڵتری ...»
کیژەکەی دا بەوەزیر و شوانیشی بردە کۆشکی خۆی، شایی و زەماوەند دەستیان پێ کرد و.. مەملەکەت بووە پارچەیەک لەخۆشی.

